# فیمینیزم روانگە یان ئیدئۆلۆژی؟

شەهلا دەباغی

زۆرجار جیاوازییەکانی فیکری، تیئۆریك و سنووری نێوان فێمینیستەکان روون نییەو شێوانیان تێدا بەدیدەکرێت یاخود بەشێوەیەکی میکانیکی جۆرەکانی فێمینیزم دابەشدەکرێن بەبێ ئەوەی لەڕووی ئیپیتمۆلۆژی و تیئۆری معرفە/ شوناسەوە ئەو سنوورانە روون بکرێنەوە. لە ساڵی رابردوودا چەند نووسراوە، شیعرو بۆچوون لە چەندین سایتدا سەبارەت بەچەمکی فێمینیزم بڵاوکرانەوە کە سەردێری نووسراوەکان زیاتر چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا ئەو چەمکە لە باری فکری و پراکتیکەوە بێننە بەرباس، بەڵام بەداخەوە ئەوەی زیاتر لەلایەن خاوەن وتارەکان تائێستا باسی لێکراوە، فێمینیستە کوردەکانن کە هیچ نازانن و شیعری کوردییان خستۆتە ژێر رەخنەی ئەدەبی یان ئەوە کە فێمنیستەکان دژی پیاون. ماڵوێرانکەرن و بەدوای دەسەڵاتدا وێڵن.

تائێستا هەوڵم داوە بۆچوونەکانی خۆم لە چەند وتاردا (دەسەڵات و جنس، هێرەمی دەسەڵاتی فکری و وەزعی ژیان لەناو هێزەکانی سیاسیدا) لە دوو سایتی کوردیش بلاتفۆرم و سایتی دیمانەدا لەسەر بناخەی فکری و لە ژێر کاریگەری بیروبۆچوونی فێمینیستەکانی دەیەکانی ٩٠ی ئەوروپاو ئەمریکا بێنمە بەر باس کە چۆن ژن وەك گرووپێکی بێ دەسەڵات لە خوارەوەی هێرەمی دەسەڵاتدایەو بەردەوام وەك جسن بەرهەم دێننەوەو نۆرمەکانی سیستمی پیاوسالار وای لێدەکا لە چوارچێوەکانی دەسەڵاتدا ژنانە بژیت.

دوای ساڵانی ١٩٧٠، مێتۆدێکی نوێ و ئاڵوگۆڕێك لە فکرو دونیای هێندێك ئەکادیمیکاردا پێکهاتووە کە لە خۆ رەخنە دەگرن و زۆرجار نیگای ساڵانی پێشوو بۆ سەر دیاردەکان بەنیگایەکی میتافیزیك دادەنێن و پێیان وایە کە دەبێ بۆچوونی ترمان لەسەر رووداوەکان و چەمکەکان هەبێ و هەوڵ دەدەن دیاردەکان لە کۆسپێك دا هەڵسەنگێندرێن و نیگایەکی مێژووییان هەیە بۆ دیاردەکان. دیارە ئەمە لە خۆیدا جۆرە باوەڕێکە بە

پلورالیزم، دیموکراسی و روناکبیری و بۆچوونێکی فراوانتر بەلام ئەو بۆچوونەش هەلگری کەم و کورتییە و ئەو نیگایە رێگا بۆ کلتووری (رێلاتیڤیسم)) خۆش دەکا. ((کولتور رێلاتیڤیسم)) لە هەمان کاتدا کە دەبێتە هۆی ئەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان بتوانن لە پاڵ یەکتری بژین هێندێك جار جۆرە هەقێك دەدا بە پاشکەوتووترین دیاردە لەژێر ناوی پلورالیزمی فکری و مافی دەربڕینی را لەناو کولتوورە جیاوازەکاندا نیگای مێژوویی، بەهەق زۆرجار باسەکان دێنێتە ژێر رەخنەو پرسپێکتیوێکی گەورەتر بۆ هەڵسەنگاندنی دیاردەکان،نیشان دەدا، بەلام بەداخەوە ئەمیشیان هەر لە ناتەبای و کەمی دەناڵێنێ. زۆربەی ئەو تیئۆریانە ئەگەرچی لە کۆنسێپتدا رووداوەکان هەڵدەسەنگێنن بەلام دیسان هەمەلایەنە نین و نیگای میتافیزیکی پیاوانە یان بەسەردا زاڵە.

بەدوای سالانی ١٩٦٠دا میتۆدو تیۆریەکی تر کە بەفێمینیزم ناوبانگی دەرکردووە زۆربەی بیروبۆچوونەکان دێننە ژێر رەخنە. فێمینیزم تائێستا زۆر ئاڵوگۆری بەسەرداهاتووە، ئێستا فێمینیزم هەوڵ دەدا تا هەمەلایەنە، پێگەی تەواوی گروپەکانی دەرەوەی دەسەلات و ناو دەسەلات هەڵسەنگێنێ. فێمینیستەکان پێیان وایە تائێستا لێکۆڵینەوەکانی ناو دونیای ئەکادیمی یەك لایەنە و بەتێڕوانینێکی پیاوسالارانە رووداوەکانییان هەڵسەنگاندووە، بەم جۆرە فێمینیزم دەبێتە میتۆدێك و پرسپێکتیوێك بۆ هەڵسانگدانی دووبارەی چەمکەکان، تائێستا دەسەلات بەشێوەی هێرەمی دابەش بووە. هێرەمی بوونی دەسەلات بەو مانایەیە کە هێندێك لە چین و توێژیکی تایبەت لە ئاخر پلەی هێرەمدا، وەك خاوەنی سەرەکی دەسەلات، بەڕێوەبەری کۆمەڵگا یان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فکریدا تۆرپکی هەرەمەکە بوون و ئەوان چارەنووسی زۆرینەی کۆمەڵگا و یا گرووپیان دیاری کردووە. گرینگی هێنانەگۆڕی بەردەوامی ئەو باسە لەکار بۆ ئاڵوگۆڕی و دابەشکردنی دەسەلات، لە شێوەیەکی ترداییە، واتە دابەشکردنی دەسەلات بەشێوەی تەریب و هاوکات لە ناو دامودەزگاو مرۆڤەکاندا، دابەشکردنی دەسەلات تەنیا رێگایەکە بۆ کۆمەڵگایەکی ئینسانی تا ئازادی و یەکسانی تاکەکان و گرووپەکان دابین بکرێ. بلاوکردنی دەسەلات لەناو کۆمەڵ و لە بەینی ئینسانەکاندا، دەبێتە هۆی پشکووتنی توانای بیروهۆش بەتایبەت لەناو ژناندا کە بەدرێژایی مێژوو بەکەم دانراون. ژنان بەهۆی جنسیت( زێندێروە)، واتا ئەو تایبەتمەندییانەی کە کولتورو مێژووی پیاوانە بۆی دیاری کردوون، مەودایان پێ نەدراوە لە باری بیروفکرەوە گەشە بکەن یان بیرەکانیان بۆتە سەرمایە بۆ پیاوان. کولتوورو دەسەلاتی پاتریارکی تەنانەت ژنانی خاوەن بیریش، بەچاوی سووك سەیر دەکا، ئەو سەیر کردنە لەناو رۆشنبیرانی پیاودا، بەچەشنێکی ئاڵۆزو تێکەڵاو لەگەڵ دووبل مۆراڵی خۆ نیشان دەداو کاری ژنان سەد هێندە دژوار دەکا. بەهۆی ئەوە کە دونیای ئەکادیمی و بەرەمهێنانی بیر هەمیشە لە دەست پیاوان دابووە هاتنە کایەی ژنان لەم بوارەشدا، بەشێوەی جۆراوجۆر بەرپەرچ دەدرێتەوە، بەبێ ئەوەی هێندێك جار ئەو پیاوانە خۆشیان بزانن و یان بەراوردێکی راستیان بۆ کاری ژنان هەبێ.

کاری ژنانی کورد، ئاگا یا نائاگا، لەلایەن پیاوانی بەبیرو قسە فێمینیست و داماو لە زلکاوی پاتریارکیدا، دێتە ژێر رەخنەی ناڕەوا. ژن لە باس و بیری ئەو پیاوانەدا، لە شیعر و چیرۆکەکانیاندا، لەکاری ئۆرگانی داو لە هەزاران شتی تردا لە سێکس سابجکێت یان کلکایەتی پیاوان بەولاوەتر ناڕوات. ئەو بەرێزانە قۆڵ بۆ

کاری کورداریەتی هەڵدەماڵن بەڵام کاری ژنانی دەست پێشخەر بەکەم دادەنێن، ئەوەش تەنیا بۆ بێ بایەخکردنی کاری ژنان لە باری بیرەوەیە. میشێل فۆکۆ لە کتێبی (مێژووی سکس) قامك لەسەر ئەوە دادەنێ کە دەسەڵات لە ژیانی رۆژانەدا لەناو پێوەندییەکاندا پراکتیزە دەکرێ.

ژن لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا، بەهەموو جۆرێك بەکەم دەبینرێت و دێتە ژێر پرسیارو بەم چەشنە کۆنترۆڵ دەکرێ و بەردەوام بەپێوانەی پیاوان مەزەندە دەکرێ. گرفتی ژن ئەوەیە کە بەهەزاران تاڵی نادیار بەتایبەت لە باری بیرو بۆچوونەوە شەتەك دەدرێ و بەکەم دادەنرێت، ئەمە شەرێکی نێوان چەند کەس نییە،بەڵکو پرسێکە ریشەی لە سیستەمی پیاوسالاری دایە کە کەم بایەخترین نووسینی پیاوان لە چاپ دەداو گوێ بۆ قسەیان رادەدێرێ، بەڵام هی ژنان دەبێ لە پردی سانسۆری پیاوانی خاوەن بیر تێپەڕبێت یان بەکەم دانرێت و پەراوێز بکرێت. ئێمەی ژن بەپێی ئەزموونەکانی خۆمان بەقسەی فۆکۆ دەگەین، بەڵام خۆ لە شەڕی فکری دەدزینەوە، ئێمە دەزانین ئەو کارانەی پیاوان پێی سەرقاڵن لە هی ژنان سەیرو سەمەرەترن بەڵام دەترسێن بەدەنگی بڵند بیانڵێین نەکا پێمان بڵێن: ((خۆیان نیشان دەدەن، منداڵن و ناتەبان و....))، ئێمە ئێستا بەجیدی نەهاتووینە مەیدان و یان ئەگەر هەنگاوێکیش هەڵدەگرین بەهۆی نەبوونی ئەزموون لە داوی جەنگی رەگەزی دەکەوین.

ئەرکی گرینگی ژنان هاتنە ناو شەڕی فکرییە تا دەسەڵاتی فکری پیاوان چیدی زاڵ نەبێ ، ئەو هەڕەمە فکرییە تێك بشکێ و بەپێوانەی ئەوان کاری ئێمە نرخی بۆ دانەنرێت. ژنانی خاوەن بیر دەتوانن بۆ لە ناوبردنی سەرەڕۆی فکری پیاوانە هەوڵ بدەن و هەڕەمی دەسەڵاتی فکری بشکێنن. کاتێك هەڕەم دەشکێ دەسەڵات مانایەکی نامێنێ و بیری تاك بایەخ پەیدا دەکا.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە کە پایەی باس و تیڕوانینی فکری منە، لێرەدا دەخوازم پێوەندی نێوان ئایدیۆلۆژی و فێمنیزم لە روانگەی خۆمەوە باس بکەم، ئایا فێمینیزم دەبێ ئیدئۆلۆژی بێ یان روانگەیەك بۆ چارەسەری گرفتە سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان؟ کاتێك مارکسیستەکان باسی کۆیلەبوونی چینی کرێکارو هاتنی ژنانیان دەکرد بۆ ناو بازاڕی کار بەدروستی ئەو باسەیان هێنا پێش کە نابەرامبەری ئابووری ژنان و پیاوان لە چەند هەزار ساڵدا هۆی سەرەکییە بۆ ژێردەستەبوونی ژن. گەرچی سەروەری ئابووری ژنان هەنگاوی هەرە گرینگە بۆ سەربەخۆیی ژنان بەڵام بەهۆی ئیدئۆلۆژیك بوونی بەستراوەیی مارکسیزم ئەوە لە بیر دەچێ کە تەنیا هێنانەکایەی ژنان لە باری ئابوورییەوە بەمانای لابردنی ستەمی جنسی و دیتنی ژن وەك جنسی دووهەم نییە، واتە ئەو زوولمەی کەوا بەهۆی سێکس لە سەرانسەری جیهان لە ژن دەکرێ. هەر بۆیە چەپەکانیش نەیانتوانیوە ئەو نۆرمانە کە ژن وەك جنسی دووهەم دەبینێ وبە ئامرازی منداڵ هێنانە دنیاو سێکس چاوی لێدەکا، زمان و کولتووری دژ بە ژن کە ژن وەك جنس دادەڕێژێتەوە، بخەنە بەر باسێکی قووڵی فکری چونکە چەپەکان لە بازنەی تەسکی ئیدئۆلۆژیك واتە لە جۆرێك میتافیزیك بووندا، ماونەتەوە، کاتێك لیبرالەکان ئازادی تاکیان هێنابەر باس، ئەو تاکە لە راستیدا هەر پیاوی دەگرتەوەو ژن هەر لە خانی سێکس دا مایەوە. تائێستاش لە پرۆسەی مۆدێرنیتەدا، ژن هەرچی زیاتر بۆتە کالایەك بۆ بازاڕی جیهانی و سیستمی چاوچنۆکی پیاوسالار.

ئێستا کە فێمینیزم بەهەموو لق و پۆو جیاوازییە فکرییەکانەوە، یەکێك لە گەورەترین هێزەکانە بۆ گۆڕینی جیهان، دەبێ لە ئەزموونەکانی فکری پێشوو کەڵك

وەرگریٚ و تووشی میتافیزیك بوون نەبیٚ. واتە ئەرکی ئەو فیٚمینیستانەیە کە لە روانگەی ((بان سیٚکسەوە)) دەڕواننە گرفتەکان، جۆرە تیٚڕوانینیٚکی تر لە دوو چەمکی ئیدئۆلۆژی و ئۆپۆزیسیۆن ،بیٚننەئارا، تا بکریٚ کیٚشەی ژن، تیٚك شکانی هیٚرەمی دەسەلاٚت، خویٚندنەوەیەکی تازە لە مانای دەسەلاٚت و دابەشکردنی تەریب دوور لە بازنەی فکریٚکی میتافیزیکانە واتە خولدان لەناوچەمك و بیری خود دا، بیٚنینە بەر باس. ئەوەی ئایا فیٚمینیستەکان لە بازنەی ئیدئۆلۆژیدا دەمیٚنن یان دەتوانن بەردەوام خۆ لە بازنەکانی بیر بەشیٚوەی ئیدئۆلۆژی رزگاربکەن. پرسی سەرەکی منە.

فیٚمینیزم وەك چەمکیٚکی بەربلاٚو کە زۆر گرووپ و بابەتی سیاسی - کۆمەلاٚیەتی دەگریٚتەوە هیٚندیٚك ئیدەو پرەنسیپ و ئامانجی سەرەکی هەیە کە خۆ لە ئیدئۆلۆژی نزیك دەکاتەوە بەلاٚم لە هەمان کاتدا خویٚندنەوەیەکی نوێیە لە زۆر چەمك بۆ ویٚنە چەمکی ئینسان، دەسەلاٚت و سیٚکس... فیٚمینیزم چەتریٚکە جیٚگای تیٚڕوانینی زۆر جیاواز لەژیٚر خۆیدا دەکاتەوەو دەبیٚ بەردەوام لە ئۆپۆزیسیۆن دابیٚ و تەنانەت خۆشی چ وەك چەمك و چ وەك پراکتیك بخاتە ژیٚر رەخنە، فیٚمینیزم تەنیا ئیدئۆلۆژی و تیٚڕوانینیٚك نییە بۆ کیٚشەی ژنان بەلٚکو روانگەو چەتریٚکی بەرینە بۆ دیتنی گرفتەکان بەجۆریٚکی تر، ئەگەر فیٚمینیستەکان خۆیان لەناو بازنەی تەنگی باسی ژناندا بهیٚلٚنەوە ئەوە هەمان شتە کە سیستیم و دەسەلاٚتەکان تا ئیٚستا ویستوویانە، واتە ژن ژنانە بمیٚنیٚتەوە. فیٚمینیستەکانی خاوەن بیری ((بان سیٚکس)) باوەڕیان بەپرەنسیپ و ئامانجیٚك هەیە ،دەربازکردنی ژن لە ژنانەبوون، بەلاٚم لە هەمان کاتدا دەبیٚ لە ئۆپۆزیسیۆندابن و خۆ لە دەست گەمارۆی فکری و ئالقەی دەسەلاٚتەکان رزگار بکەن تا بتوانن بەردەوام ئالٚوگۆڕی فکری بکەن. پیٚکهاتە فەلسەفیەکان و بیرەکانی تر نەیاندەتوانی بەئەنجامی بگەینن چونکە بۆ ئەوان نۆرم پیاو یا ئامانج تەنیا گرووپیٚك بوو. بارادۆکسیٚك لەو باسەدا ئەوەیە: چۆن فیٚمینیستەکان هەم بۆ گۆڕینی سیستم و ئالٚوگۆڕی بنەڕەتی خۆ لە بازنەی بیرو دەسەلاٚت بیٚنەدەرو هەم بتوانن لەناو سیستمدا کاریگەریان بۆ گۆڕانی سیستم هەبیٚ. بەپیٚی هیپۆتیٚزەکانی هەوەلی ئەو باسە دەبیٚ ژن(سوبیٚکت)، ئایدئۆلۆژیە جۆراوجۆرەکان (ئۆبجیٚکتەکان) بیٚنیٚتە ژیٚر لیٚکۆلٚینەوەی خۆی، ئەو بیرەش مەبەستیٚکی لە پشتە کە دەخوازیٚ خۆ نەخاتە ناو چوارچیٚوەو خۆ لەکەوتنە ناوبازنەی ((ئیدئۆلۆژیکبوون)) رزگاربکان واتە فیٚمینیزم وەك ئیدئۆلۆژی نەبیندریٚت و روانگەیەك بیٚ بۆ لیٚکۆلٚینەوەو پرسیارو سازکردنی بنەمای فکری بۆ ئالٚوگۆڕی بەردەوام،نەبیٚتە ئیدئۆلۆژیەك لەناو خۆیدا خول بدا. ئاشکرایە دابەشکردنی دەسەلاٚت بە جۆریٚکی تر لە نیٚوان ژنان و پیاوان، نەتەوەکانی ژیٚر دەستە و گروپەکان لەسەر بنەمای جیاوازیی نیٚوان ئینسانەکان و پلورالیزمی بیروکار، جۆرە زامنیٚکە بۆ کۆمەلٚگایەکی ئازاد، دادپەروەرو دیموکرات. ئەرکی ئیٚمە هەلٚسەنگاندن و رەخنەگرتن لە ستروکتورو نۆرمی پاتریارکییە کە لەسەر بنەمای جنس و پلە بەندییە، بەلاٚم نابیٚ لە بیرمان بچیٚ کە فیٚمینیزم دەبیٚ جۆریٚکی تر لە دیالۆگ و تیٚڕوانین بیٚت کە بتوانیٚ خۆشی هەلٚسەنگیٚنیٚ نەك ببیٚتە ئیدئۆلۆژیەك کە نەتوانی غەیری خۆی چیتر ببینیٚ. فیٚمینیستەکان دەبیٚ ریٚگا بۆ هەموو ئینسانەکان، نەتەوەکان و گرووپەکان بکەنەوە، ژنانی کورد بەو ئەزموونە میٚژووییە کە لەمەڕ ((چەوسانەوە وەك گرووپ، جنس و نەتەوە)) هەیانە، دەتوانن بەتیٚڕوانینیٚکی ((بان سیٚکسی)) خۆ لە دیسکۆرس و بەستراوەیی ئیدئۆلۆژیەکان بدزنەوە و خوازیاری ئازادی و بەختەوەری بن بۆ هەموو تاك و گروپیٚك و دابەشکردنی دەسەلاٚت، بۆ ئەوەش نابیٚ ئامانج تەنیا رزگاری ژنان بیٚ.